# مێژەر و جەستە[1]

## خوێندنەوەیەکی دیالێکتیکی- ئینتێرسێکشن

**شەهلا دەباغی**

هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە بۆ شیکردنەوە چەندین هۆی هەبوو:
یەکەم: ڕۆمانەکە وەک دەقی ئەدەبی و گێڕانەوە یەکجار جوانە، دووهەم: نووسەری ڕۆمانەکە خەڵکی لوبنانە و دژی داگیرکاری و حکوومەتی ئێرانە کە پەلی هاویشتووەتە ناو لوبنان و ئەوێندەرێی کردووەتە مەیدانی شەڕ. سێهەم: ڕۆمانی نووسەرێکی ژنە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ دەبارەی جەستەی ژن و سیکسوالیتەی ژن دەدوێ و دیاردەی سیغە بە گوتەی دەلال زینەدین وەک «کاڵایەکی هەناردەی عەجەم» دێنێتە ژێر پرسیار.چوارەم: نووسەر لەکاتی شۆڕشی ژینادا چەندین جار پشتیوانیی خۆی بە ئاشکرا بۆ ئەم شۆڕشە دەربڕیوە و ئەمە ڕادەی پێگەیشتوویی نووسەر نیشان دەدا کە بە باشی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی ئێرانی ناسیوە.

## ئابستراکت

ئەم وتارە هەوڵ دەدا ببێتە نووسین و شوێنێکی نێوان بــواری[٢] بۆ شــیکردنەوەی تێکتەنراویی رووبەرەکانی ژێردەســتی[٣] لــە رۆمانی «مێزەر و جەســتە»دا و پرســی کۆیلەتــی، گەیشــتن بــە ئاگایی و هــەوڵ بۆ رزگاری لــەم رۆمانەدا نیشــان بدا. رۆمانەکە رەوایەتی ژنێکە کە دوای ٢٥ ســاڵ باســی پەیوەندیی خۆی و شێخێکی ئەندامــی حیزبــوڵڵای لوبنــان دەگێڕێتەوە کە لە شــازدە ســاڵیدا ســیغەی کردبوو. رۆمانەکە پێمان نیشــان دەدا چۆن جەستەی ژن، وەک کۆلۆنییەکی سێکســی، بەرێــگای ئیدیۆلۆژی، سیاســەت، ژێردەســتیی ئابووری و چینایەتی، بەناوی دین و گەیشــتن بە بەهەشــت کەڵکی لێ وەردەگیرێ. هاوکات لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، ڤەگێڕ نیشانمان دەدا چۆن تاک بە روانگەیەکی رەخنەگرانە پێکهاتەکانی دین، سیاست و چین دێنێتە ژێر پرســیار و هەوڵی خۆی دەدا رزگار بــێ. بەڵام هەوڵی رزگاری رێــگا و رەهەندێکی بێ بەربەست نییە.



## چەمک و وشە کلیلییەکان

جەســتەی بەکۆلۆنیکراو، ســیغە، دیالێکتیک، تێکتەنراویی رووبەرەکانی ژێردەستی، ئەرباب و بەردە، ئاگایی، رزگاری


## پێشەکی

«دەلال زەینەدین» وەک نووسەرێک کە بە زمانی عەرەبی رۆمانی مێزەر و جەســتەی نووسیوە، بۆ من نەناسراو بوو هەتا ئاپریلی ئەمساڵ پۆستێکم ســەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم رۆمانە[٤] لەســەر دیواری فەیســبووکی وەرگێڕی کورد مامۆستا «ســەباح ئیســماعیل»[٥] دیت و چونکە پێشتر رۆمانــی پۆستکۆلۆنیالیســتیی «وەرزی کــۆچ بەرەو باکوور»م لــە هەمان وەرگێڕ دیبوو، داوام لە دۆســتێک کرد کتێبی مێزەر و جەستەم لە هەولێرڕا بۆ بهێنێ. وردە وردە لەســەر لاپەرەی فەیســبووک و گووگل بەدوای نووسین لەسەر مێــزەر و جەســتە و زانیــاری ســەبارەت بە نووسەرەکە و وەشانخانەی «نرد النشر و التوزیع»دا گەڕام کە کتێبەکەی هەوڵ جار بە عەرەبی لە ١٨ی ژووئەنــی ٢٠٢٢ لە ئاڵمان چاپ کردووە.[٦] هەرچی گەڕام هیــچ زانیارییەکم بە زمانی ئینگلیســی یا سویدی نەدیتەوە. دواتر لە چەند ســایتی عەرەبی چەند بابەتێکی کورتم دیتەوە کە زۆربەیان زۆر بە کورتــی ئاماژەیان داوە کە رۆمانەکە باسی سیغە، گرفتی هەژاری و شەڕ لە باشووری لوبنان دەکا.[٧] دواتر بابەتێکم لە بەشی کەلتووریی رۆژنامــەی ئیلێکتریکیی «المدن»[٨] لە نووســینی «فوزی ذبیــان» دیتەوە کە دوای بڵاوبوونەوەی رۆمانەکە نووســراوە. ئەم نووسینە گەرچی کورتــە بەڵام تا رادەیــەک رادیکاڵ و قووڵترە لە نووســینەکانی تر کە ســەبارەت بە رۆمانەکە نووسراون.[٩] دوای ماوەیەک لاپەرەی فەیســبووکی نووســەرم دۆزییەوە و پۆستێکیم دیــت کە «دەلال زەینەدیــن» لە ١٠ی جولای ٢٠٢٢دا نووســیویێتی و باسی ئەوە دەکا کاتێک فوزی ذبیان نووسەری ناسراوی لوبنانی بەدەنگ پەیامــی بۆ دەلال نــاردووە و تاریفــی رۆمانی «عمامە و جســد»ی کردووە، دەلال لە خۆشیان گریاوە.[١٠] خودی دەلال زەینەدین لە باســێکی ئەدەبــی لەگەڵ تیڤییەکی ســووری (قناة ندوة وطــن)، لە ماوەی بیســت خولەکێکدا باســی رۆمانەکەی و «کەڵکوەرگرتن لە جەســتەی ژن لەژێرناوی زەواجی موتعە» لە «مجتمع شــیعی» لەلایــەن «رجال دین» و«تجارة و اســتغلال»ی ژنان لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە دەکا.[١١] دواتر لە بەشی شیکردنەوەدا دەگەڕێمەوە سەر گوتەکانی نووسەر دەلال زەینەدین.

هاوکات گرینگییەکی تایبەتی هەیە بزانین لە رۆژانی شۆڕشی ژینادا دەلال زەینەدین چەند پۆســتی دژی دەســەڵاتی تۆتالیتــەری ئێرانی بڵاوکردووەتــەوە. بۆ وێنە لە پۆســتێکدا وێڕای وێنەیەک لە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ پشــتیوانیی خۆی لە شــۆڕش دژی حاکمانی ئێرانی نیشان دەدا و نووسیویێتی:

*«نعم ، نحن البسطاء السذج الدراويش نعلم أن وجود نظام الملالي هو حاجة ضرورية لأميركا وهذا ما يجعل سقوطه صعب جدا، لكن هذه الصورة وحدها كفيلة بأن تجعلنا نحلم ولو لبعض الوقت»*[١٢]

*«بەڵێ ئێمە دەروێشە سادەکان دەزانین بوونی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ ئەمریکا پێویستە و ئەمەش وا دەکات کە ڕووخانی زۆر دژوار بێ. بەڵام ئەو وێنەیە بە تەنیا خۆی بەسە کە بۆ ساتێک خەیاڵ بمانباتەوە.*[١٣]

هەروەک گوترا مێزەر و جەستە (عمامە و جسد) بەرهەمی نووسەری لوبنانی «دلال ابراهیم زین‌الدین»لە دەزگای «نرد النشر و التوزیع» لە ئاڵمان لە مانگی ژووئەنی ٢٠٢٢ دا بڵاو بۆتەوە. ڕۆژی ١٨ی ژووئەنی٢٠٢٢ هەم «نرد النشر» و هەم نووسەر لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیان بە ناساندنێکەوە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەیان داناوە.

دەلال زەینەدین لە شارۆچکەی سەفدی سەر بە بنت جوبەیلی مەکۆی حیزبوڵڵای لوبنانی لەدایک بووە. دواتر لەگەڵ ئەندازیار «بەسام سەفوە» زەماوەند دەکا و دەچێتە حومسی سووریە. سەرەتا لایەنگری ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەبێ بەڵام دواتر بەهۆی دیتنی بێدادی لە خەڵک دەڕواتە تورکیا. لە تورکیا تاقە ڕۆمانێک دەنووسێ و ساڵی ٢٠٢٣ خۆی و سێ منداڵ و نەوەیەکی لە بوومەلەرزەدا گیانیان لەدەست دەدەن.[١٤] کورەکەی دەلال لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکی دەلال هەواڵی مەرگی دایکی ڕادەگەیێنێ.[١٥]

وەرگێڕی بەتوانای کورد سەباح ئیسماعیل ڕۆمانەکەی کردووەتە کوردی و ئاپریلی ٢٠٢٤ لەلایەن «دەزگای فام» لە کوردستان بڵاو کراوەتەوە.[١٦] سەباح ئیسماعیل تا ئێستا چل و پێنج کتێبی هێناوەتە سەر زاری کرمانجیی ناوەڕاست، لەوان وەرزی کۆچ بەرەو باکوور، زریاب و میرنامە.[١٧] بەگوێرەی مامۆستا سەباح ئیسماعیل زۆربەی چاپەمەنییەکان و ڕەخنەگران لە عێراق کە سەربە بەرەی شیعەن، دژی ڕۆمانەکە دواون و قسەی ناشیرینیان بە نووسەر گوتووە.

## بۆ ڕۆمانی مێزەر و جەستە؟

پێش ئەم دۆخەی ئێستا، لوبنان وەک وڵاتێکی کراوە و بەیرووت بە پاریسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناسرابوو. ئازادییە مەدەنییەکان و ئازادیی ژنان تا ڕادەیەکی باش دەستەبەر کرابوون. بەڵام ئێستا لوبنان مەیدانی شەڕی گرووپە چەکدارەکان و بەتایبەت تەڕاتێنی میلیشیاکانی سەربە ئێرانە. دیارە کە دۆخی شەڕ لە هەموو دنیا زیاتر بە دژی ژنان دادەشکێتەوە؛ بەتایبەت ئەگەر شەڕ تێکەڵاوی ئیدئۆلۆژییەکی ڕادیکاڵ و دژە ژن و دەستوەردانی وڵاتێکی وەک ئێران بێ.

هەڵبژاردنی ئەم ڕۆمانە بۆ شیکردنەوە چەندین هۆی هەبوو:

**یەکەم:** ڕۆمانەکە وەک دەقی ئەدەبی و گێڕانەوە یەکجار جوانە،

**دووهەم:** نووسەری ڕۆمانەکە خەڵکی لوبنانە و دژی داگیرکاری و حکوومەتی ئێرانە کە پەلی هاویشتووەتە ناو لوبنان و ئەوێندەرێی کردووەتە مەیدانی شەڕ.

**سێیەم:** ڕۆمانی نووسەرێکی ژنە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بە شێوەیەکی ڕادیکاڵ دەبارەی جەستەی ژن و سیکسوالیتەی ژن دەدوێ و دیاردەی سیغە بە گوتەی دەلال زینەدین وەک «کاڵایەکی هەناردەی عەجەم» دێنێتە ژێر پرسیار.

**چوارەم:** نووسەر لەکاتی شۆڕشی ژینادا چەندین جار پشتیوانیی خۆی بە ئاشکرا بۆ ئەم شۆڕشە دەربڕیوە و ئەمە ڕادەی پێگەیشتوویی نووسەر نیشان دەدا کە بە باشی دیاردەی ئیسلامی سیاسیی ئێرانی ناسیوە.

دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، هەزاران ژن و کچی منداڵ بە ناوی سیغەوە

بوونەتــە قوربانــی. ســیغە هەرگیــز وەک هاوســەرگیرییەکی مەدەنی، عورفی و ڕەسمی نەبووە و هیچ مافێــک بۆ ژن و منداڵانی دوای ســیغە بە ڕەسمی ناناســرێت. لەڕاستیدا سیغە تەنیا کرینی سێکس و کەڵکوەرگرتنی پیاوانە لە لاوازترین توێژی کۆمەڵگا و ئەم کارە شەرعییەت لە ڕێبەرانی مەزهەبی شــیعە وەردەگرێ. ئینجا پێــم وایە ئەم ڕۆمانە دەتوانێ تا ڕادەیەک ببێتە هۆی گۆڕانکاریــی کۆمەڵایەتی یــا هیچ نەبێ هێنانە ئــارای ڕوانگــەی ڕەخنەگرانە لەســەر دیاردەی سیغە لە لوبنان و وڵاتانی ئیسلامیدا.

## کورتەی تەونی[١٨] مێزەر و جەستە

ڕۆمانی مێزەر و جەســتە باســی لەیلایە کە لە تورکیــە دەژی و دوای بیســت و پێنج ســاڵ دەیهەوێ ڕۆمانێک دەربارەی خۆی و شێخ عەلی بنووسێت. لەیلا لە باشووری لوبنان، لەگەڵ دایک و یازدە خوشــک و برا لە تاقە ژوورێکدا دەژیان. دایکی باوەڕێکی زۆری بە دین و پیاوانی ئایینی بووە. ئیستاش حیزبوڵڵا لە ناوچەکەیاندا دەستی باڵای هەیە. بیســت و پێنج ساڵ پێش، لەیلا لە بۆنەی ناشتنی پیاوێکی ئایینیدا کە لە هێرشێکی ئاســمانیی فڕۆکە ئیســرائیلییەکاندا دەکوژرێ، شــیعر دەخوێنێتــەوە. بۆ ئــەو ڕۆژە جلوبەرگ بەقەرز وەردگرێ و بە قەولی خۆی تەنیا ســیما و قورگی کــە هۆنراوەکەی پێ خوێندەوە لەم و لەوی نەخواستبوون.(ل.٢٨) ئەو ڕۆژە شێخ عەلی، کادرێکی باڵای «حیزبــوڵڵا» دەبینێ. چەند ڕۆژ دواتر شــێخ بە بیانــووی زەکات دەچێتە ماڵی لــەیلا. لەوێ ئیزن دەخوازێ نوێــژ بکا و کاتی نوێژ بە «ئەڵڵاهو ئەکبەر» لەســەر بەرماڵ چاو لە لەیلا دادەگرێ.(ل.٣٢) هاتنی شــێخ بۆ ناو ژیانی ئەوان وەک پەرجوویەکە و پارەی زەکات، ئەوان لە هەژاری نەجات دەدا. لەیلا ئاشقی شێخ دەبێ و دواتر شــێخ بەدزی لەیلا سیغە دەکا کە ئەمە بە پێچەوانەی ویســتی لەیلایــە؛ چونکە لەیلا دەیویســت زەماوەندی لەگەڵ بکا و بەڕەسمی ببێتە ژنی دووهەمی شــێخ. سەرەڕای ئەوە کە شێخ قەت لەیلا مارە ناکا، هەمیسان لەیلا ناتوانێ شــێخی خۆش نەوێ. «شێخ کاتێک لە بارەگای حیزبوڵڵا دا وانــەی دەگوتەوە، تەواو جیاواز بوو لەوەی بەســەر جەستەی لەیلادا بەڕەڵا دەبوو و جگەرەی دەخســتە نێو قامکەکانی پێی لەیلا تا قوومی لێ بدات و چێژ لە تەماشــاکردنی نێوان ڕانی وەرگرێ. (ل.٩٥)

عەبــاس، بــرای لەیلا، کە ســێ ســاڵ لە لــەیلا گەورەتر بوو، کوڕێکــی زۆر نەرم و نیان و نەقاشــێکی بــە بەهرە بوو و لەســەر دیواری ماڵــە هەژارەکان و ماڵە خۆیــان کە پەنجەرەی نییە نەقاشیی باڵندە و داری دەکێشاوە. کاتێک ئیسرائیل تۆپ و تەقەمەنی دەخاتە گوندەکەیان، عەباس و ڕەفیقەکەی، مەهدی، ئاسنەواڵەیان کۆ دەکردەوە تا بیفرۆشن. عەباس بە پارەکە ڕەنگی دەکڕی و مێهدی تۆپی پێ. (ل.٤٠) دواتر عەباس و مەهــدی دەچنە ناو «بزووتنــەوەی ئەمەل» و «حیزبوڵڵا» و دەکوژرێن. دوای ٢٥ ساڵ لە ڕێگای کۆمێنتێکی ڕەخنەگرانەی لەیلا لەسەر پۆستێکی فەیســبووکی، شێخ دەیناســێتەوە و پەیامی بۆ دەنێرێ. هەســتەکانی لەیلا سەرهەڵدەداتەوە و دیالۆگی نێوانیان دەســت پــێ دەکاتەوە. بەڵام ئێســتا لەیلا لەباری هزرییەوە گەشەی کردووە. شــێخ دەڵێ دەبێ یەکتر ببینیــن و بۆ دیتنی لــەیلا دێتە تورکیە. لەیلا بەیانییەک بە بیانووی چوونە لای دوکتور لە ماڵ دەردەکەوێ و دەڕوا تا شێخ ببینێ.

## تێکنیکی گێڕانەوەی مێزەر و جەستە

تێکنیکی گێڕانەوەی مێزەر و جەستە تێکەڵاوێکە لــە چەنــد تێکنیــک: تاکبێژیــی دەروونیــی ڕاســتەوخۆ/ Direct Interior Monologue گێڕانــەوەی یەکەم کەس کە ڕووی لە «تۆ» واتە شێخ عەلییە کە زەینی وەگێڕی داگیرکردووە و شەپۆلی زەین. لە تاکبێژیی ڕاستەوخۆی لەیلادا نووســەریش هێندێک جار حــزووری هەیە و هێندێک جار نووسەر وەک زانای کوللیش دێتە نــاو دەق. گەرچی ڕۆمانەکە زۆری بە شــەپۆلی

زەیەن نووسراوە بەڵام پڕە لە دیالۆگ و لەڕێگای دیالۆگەکانەوە ئێمە لەگەڵ کارەکتەرەکان و تایبەتمەندییەکانیان ئاشنا دەبین.

لە تێکنیکی شەپۆلی زەیەیندا هەوڵ دەدرێ خوێنەر وا لێ بکرێ کە بیر و یادەکانی ڤەگێڕ ئەزموون بکا. ئەم جۆرە لە گێڕانەوە یا مێتۆدە لە سەدەی نۆزدەدا دەستی پێ کرد و نووسەرانێکی بەناوبانگی وەک جێمز جۆیس، ویرجینیا وۆلف، مارسێل پرۆست و ساموئێل بێکت لە نووسینەکانی خۆیاندا کەڵکیان لێ وەرگرتووە. شەپۆلی زەین نووسینێکە بەرانبەر بەوەی کە هەرئیستا لە مێشکی کارەکتەردا ڕادەبرێ. شەپۆلی زەین دەتوانێ زمانێکی قورسی هەبێ وەک زمانی جێمز جۆیس، و یا وەک ویرجینیا وۆلف فراگمێنتەکان بگێڕێتەوە. لە شەپۆلی زەیندا ڤەگێڕ ئەزموونی ژیان و ڕابردووی دێتەوە یاد. یادەکان وەک ڕووبارێک دەڕژێن و زۆر جار پارچە پارچەن و پاش و پێش دەکەن.

لە مێزەر و جەستەدا ڕووی لەیلا/ ڤەگێڕ لە «تۆ» واتە شێخە کە زەینی لەیلای داگیرکردووە. ڤەگێڕ لە نێوان ڕابردوو و ئیستادا دێت و دەچێ و باسی ئەزموونی ژیانی خۆی و کەسانی دەوروبەری دەکا. شەپۆلی زەین لە مێزەر و جەستەدا بەم شێوەیەیە کە لەیلا لە هەوەڵی ڕۆمانەکە لە تورکیە دەژی و دەڵێ دەمهەوێ ڕۆمانێک بنووسم. لەیلا ڕووبە شێخ دەڵی دەبێ باسی خۆمان بکەم. بە ڕای نووسەر لە یەکەم دێڕەکاندا ئێمە دەبێ ئەم چیرۆکانە بنووسین کە هێشتا لێیان تێر نەبووین(ل.١٧) و هێشتا تەواو نەبوون. خودی ڕۆمانەکە ٣١٥ لاپەڕەیە و لە لاپەڕە ١٢٠ ڕا شێخ ڕاستەوخۆ دێتەوە ناو دەق و لەیلا و شێخ دەکەونەوە گفتوگۆ. هەڵبەت هەوەڵی ڕۆمانەکە کە ڕوو بە شێخ دەست پێ دەکا ڤەگێڕ دەڵی دەمهەوێ ڕۆمانێک سەبارەت بە تۆ بنووسم واتە شێخ ناڕاستەوخۆ ئامادەیە.

## شیکردنەوە

ڕۆمانی مێزەر و جەستە دەقێکی فرەڕەهەندە کە دەکرێ چەندین وتاری لەسەر بنووسرێ. پرسگەلێکی وەک پرسی فەلەستین کە بە گوتەی خودی ڕۆمانەکە دەیان ساڵە بازرگانیی پێوە دەکرێ و «بووەتە درۆیەکی گەورە و لەسەری دەلەوەڕێن» (ل. ٣٠٣)، پرسی دین و شیعە کە سەرکردەکانی لە ئیمانی خەڵک بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کەڵک وەردەگرن، یا ناسیونالیزمە دژبەرەکانی عەرب و فارس هاتوونەتە ناو دەق. بۆوێنە کاتێک ڤەگێڕ باسی «هەناردەکردنی کەلتووری عەجەم» و داگیرکردنی باشووری لوبنان دەکا، دەکرێ ئەم پرسیارە بێتە گۆڕێ کە ئایا بەکارهێنانی وشەی «عەجەم» و «فارس» لە لایەن نووسەرەوە جۆرێکە لە کێبەرکێی ناسیۆنالیزمەکان یا ئەوە کە لە دنیای عەرەبدا بە دانیشتووانی ناو جوغرافیای ئێران دەڵێن فارس و عەجەم؟

بەڵام ئەم نووسینە هەوڵ دەدا بەکورتی سەرەکیترین خاڵی ڕۆمانەکە، پرسی سیغە، بەکۆیلەکردنی جەستەی ژن بەناوی دین و هەوڵی تاک بۆ ڕزگاربوون بێنێتە بەر ڕاڤەکردن. بۆ شیکردنەوەی ڕۆمانەکە لە هزر و تیۆریی هێگێل، فانۆن و کرینشاو و چەند تیۆریی دیکە کەڵک وەردەگرم.

گێڕانەوە لە مێزەر و جەستەدا بەم شێوەیەیە کە لەیلا لە هەوەڵی ڕۆمانەکە ڕووبە شێخ عەلی دەڵێ دەیهەوێ ڕۆمانێک دەربارەی ئەودا بنووسێ:

*بەر لەوەی ئەم ڕۆمانە لە بارەی تۆوە بنووسم، ئیزنم لە هاوسەرەکەم خواست. (ل. ١٥)*

بەڵام مێردەکەی دژایەتیی دەکا و پێی دەڵێ بچێتە لای پزیشکی دەروونی. لەیلا لە بەرانبەر ئەم داواکارییەدا ڕادەوەستێ:

*پیاوەکەم مۆچیاریی کردم بڕۆم بۆ لای پزیشکی دەروونی، بڕوای وابوو ئاوەزم*

*لەدەست داوە، بەڵام من وەکوو هەموو جارێک گوێم لە فەرمانەکانی نەگرت. (ل. ١٥)*

*[...] خۆ من شێت نیم تاکوو بچم بۆ پزیشکی دەروونی، لەسەر جێیەکەی ڕابکێشم، لە کاتێکدا ئەو بە تەنیشتمەوە دادەنیشێت، پرسیارە بێمانا و وەڕەسکەرەکانی خۆیم لێ دەکات، کە پێشوەختە دەیانزانم. من لەوە شێتترم! (ل. ١٦)*

ڤەگێر کە باشتر لە هەر پزیشکێکی دەروونی دەزانێ پرس و کێشەکەی چییە، هەروەک پێشوو گوێ ناداتە ئامۆژگارییەکانی مێردەکەی و دەخوازێ ڕۆمانەکەی ببێتە ئابڕووچوونێک کە وەک هەواڵێکی بەپەلە لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بگوازرێتەوە. (ل.١٦)

وەک دەبینن هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا ئێمەی خوێنەر لەگەڵ خواستی بەهێزی نووسین و پرسی گرینگی سێکسوالیتە ڕووبەڕوو دەبینەوە؛ ژنێک دەیهەوێ نووسین بکاتە هەوڵێک بۆ ڕزگاری و نووسین بکاتە دەنگی ژێردەستان؛ وەها کە لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە. بەڵام لەیلا لەگەڵ دژایەتیی نۆڕمەکان ڕووبەڕوو بووەتەوە و مێردەکەی پێی دەڵێ بۆ باسی خۆمان نانووسی و دەتهەوێ باسی ئەو شێخە بنووسی کە لێرەدا جۆرێک لە ئێرەییش دەبینین. تەنانەت کاتێکیش مێردەکەی ڕازی دەبێ لەیلا ڕۆمانەکەی بنووسێ مەرجی مەحاڵی بۆ دادەنێ:

*[....] پێشنیار دەکا ناوی ڕۆمانەکە بگۆڕم.*
*[....] و بەهانەیەکی ترم بۆ دەدۆزێتەوە:*
*دەبێیت خۆت لە ئاماژە سێکسییەکان بەدوور بگریت، ئاماژەی لەم چەشنە لایقی ئافرەتێکی بەڕێزی وەک تۆ نین. (ل. ١٨)*

وەک گوترا تێمی سەرەکیی ڕۆمانەکە لە دەوری چەمکی سێکسوالیتە و سیغەدا خول دەخوا.

لە لایەک مێرد مەرجی بۆ دادەنێ کە لەیلا لە ڕۆمانەکەیدا لە ئاماژە سێکسییەکان خۆی بپارێزی و لە لایەک بیست و پێنج ساڵ پێش، کاتێک لەیلا سیغەی شێخ عەلی بووە، شێخ ئەو پەڕی کەڵکی سێکسیی لە لەیلا وەرگرتووە کە تا ئێستاش لەسەر دڵی لەیلا گرێیە. لە پڕۆسەی گێڕانەوەدا دەبینین لەیلای ڤەگێر ئاماژە بە ئەکتە سێکسییەکان لەگەڵ شێخ دەکا. یا لە هەوەڵی ڕۆمانەکدا بە ئاشکرا و بێپەردە دەنووسێ کە هەموو جێژنی قوربان و ڕەمەزان، ڕۆژی لەدایکبوونەکانیان، ساڵڕۆژی هاوسەرگیرییان، ڕۆژانی ڕۆتینی دیکە، لەگەڵ مێردەکەی سێکسیان هەیە. (ل.١٧) یا بەسەرهاتی ئەو ژنانە دەگێڕێتەوە کە شەوانە دەهاتنە ماڵەکەیان و باسی ئارەزووەکانی خۆیانیان بۆ دایکی لەیلا دەکرد. ئێستا ئەم پرسیارە گرینگە دێتە ئاراوە کە بۆ نووسەر/ڤەگێڕ دەخوازێ دەربارەی شێخ و سیغە کردن بنووسێ و ئەم چیرۆکە بگێڕێتەوە تا لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە؟

ڕەنگە باشترین وڵام ئەوە بێ کە نووسین کەمایەسییەک پڕدەکاتەوە تا ڤەگێڕ لە گرێی خۆبەکەمزانین نەجاتی بێ. سەردەمانێک ئەو وەک کچێکی گەنج لە بنەماڵەیەکی هەژار کە بۆ بەخێوکردنی خۆیان پێویستییان بە زەکاتی شێخ بووە نەیدەتوانێ لە بەرانبەر ویستی شێخ و خۆشەویستیی خۆیدا ڕابوەستێ. ئەو ئاشقی شێخ دەبێ. لەیلا وەک داگیرکراوێک کە دەستی بە زۆر شت ڕاناگا و هێشتا بە ڕادەیەک لە ئاگایی نەگەیشتووە و هەلومەرجی ژیانی هی ئەوە نەبوو کە وڵامی شێخ نەداتەوە، بۆ ویست و داواکانی داگیرکەرەکەی دەچەماوە و هەموو داواکانی شێخی جێبەجێ دەکرد. لەیلا لەناوەوە دەپووکێتەوە و دەبێتە سوبژەیەکی تێکەڵاو؛ داگیردەکرێ و دەوری بە هەژاری، بێ بابی، ئەوین و کاریزمای شێخ گەمارۆ دەدرێ:

*«حەز دەکەم وەک قەحپەکان لە بەردەممدا هەڵسوکەوت بکەی.» هەر هێندەی وات*

*پێ گوتم دەستم بە جگەرەکێشان کرد، نەمدەزانی وەک ئەوان هەڵسوکەوت بکەم، بەڵام ئەوەی توانیم بۆ رازیبوونت کردم. لەگەڵ خۆشەویستیی تۆدا بەهرەکانم هەمەرەنگ بوون، بۆیە لەگەڵ تۆدا شتەیلێک فێربووم، رۆژێک بە مێشکمدا نەدەهاتن. (ل. ۱۲۸)*

فرانتز فانۆن[۱۹] لە دوو کتێبی پێستی رەش دەمامکی سپی[۲۰] و بەشمەینەتانی زەوی[۲۱] دا هەوڵ دەدا باسی ئەوە بکا کە کۆلۆنیالیزم تەنیا سیستەمێکی سیاسی و ئابووری نییە. لە کتێبی پێستی رەش دەمامکی سپی دا فانۆن باسی کۆلۆنیالیزم وەک پرۆسەیەکی دەروونیی کۆمەڵایەتی دەکا کە توانایی و ناسنامە لە تاکی کۆلۆنیالکراو دەستێنێ و لە ناوەوە دەیگۆڕێ و بەها و نۆرمە هەرە خراپەکانی خۆی بەسەریدا دەسەپێنێ و فۆرمی دەدا. فانۆن بە باسی سیاسییەکانی ئەلجەزایر کە تووشی تراوما ببوون نیشان دەدا تەنانەت تێراپی و یارمەتیی دەروونناسانە نەیدەتوانی یارمەتییان بدا. فانۆن باسی ئەوە دەکا کە کۆلۆنیالیزم وەک سیستەمێکی دەرەکی، کاریگەریی لەسەر دەروون و هەستی کۆلۆنیالکراو هەیە[۲۲] و وێنەی خودی خۆی لەلا دەگۆڕێ وەها کە تاکی کۆلۆنیالکراو لەگەڵ خۆی نامۆ[۲۳] و بێگانە دەبێ و رقی لە خۆی دەبێ. تاکی کۆلۆنیالکراو هەست بە بێزاری، کەمایەسی و سووکایەتی دەکا و نۆرمەکانی کۆلۆنیالیست بەهەند وەردەگرێ و «بە دەروونی»یان دەکا. فانۆن دەپرسێ بۆ خەبات دژی کۆلۆنیالیزم سەختە و وڵامیش دەداتەوە چونکە کۆلۆنیالیزم دەبێتە بەشێک لە تاکی کۆلۆنیالکراو. بەرای فانۆن پێکهاتەی کۆلۆنیالیستی دەبێتە هۆی ناتەندروستی و بارگرانیی دەروونی و نەمانی رێزلەخۆگرتن و دروست بوونی زەبروزەنگ. زەبروزەنگێک کە کۆلۆنیالیستەکان رۆژانە بەرانبەر بە کۆلۆنییەکان بەکاری دێنن، خۆی دەبێتەوە بە جۆرێک لە توورەیی و زەبروزەنگ دژی داگیرکەران.[۲۴]

ئێستا لەیلا لە تورکیە دانیشتووە، گەورە بووە، زانستی هەیە، پێگەیشتووە و دەیهەوێ سەربەخۆیی و لێهاتوویی خۆی نیشان بدا و بە داد بگا:

*با بزانیت، من بۆ ئەوە لەسەرت نانووسم، تاکوو ببمە نووسەرێکی ناودار، هەرچەند زۆرم حەز بە ناودەرکردنە. من بۆیە لە بارەی تۆوە دەنووسم، تاکوو دوای ئەو هەموو گۆڕانە ریشەییەی بەسەر کەسایەتیمدا هاتووە، لێهاتوویی خۆمت بۆ بسەلمێنم، یاخود با بڵێین: بۆیە لەسەرت دەنووسم، بۆ ئەوەی لە گرێی خۆبەکەمزانین چاک ببمەوە، کە ئەو هەموو ساڵە دایگرتبووم! وەکوو دەڵێن: وشەکان دەرمانی کەسانی مایەپووچی وەک منن، یا رەنگە لەبەر ئەوە لەسەر تۆ دەنووسم، هەتا پرسیاری ژیرانەت لێ بپرسم، سادەییەکەم بە هانامدا نەگەیشت پێش بیست و پێنج ساڵ لێتی بکەم، دەنووسم بۆ ئەوەی لەگەڵ تۆدا رابورد سەرلە نوێ دابیرێژمەوە.*
*چما ئەوە دادپەروەری نییە؟ (ل.۲۱)*

هەروەک دەبینین نووسەر/ڤەگێڕ بەدوای دادپەروەرییەوەیە. دادپەروەرییەک کە کەسایەتی و ناسنامەیەکی ئینسانی بۆ کۆیلەیەک، بۆ تاکی وڵاتێکی داگیرکراو بگەڕێنێتەوە. لەیلا دەیهەوێ لێهاتوویی خۆی نیشانی ئەربابەکەی/شێخ بدا. لەراستیدا تەنانەت دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا لەیلا بە جۆرێک لە داوی شێخدایە و دەیهەوێ خۆی بۆ ئەربابەکەی بسەلمێنێ و لێهاتوویی خۆی پێ نیشان بدا.

هێگێل لە کتێبی دیاردەناسیی زەین/ رۆح، برگەی سەروەری و کۆیلەتی[۲۵] دا پرسی ئاگایی دێنێتە بەر باس. بەرای هێگێل سەروەر/ئەرباب و کویلە/بەندە لە پەیوەندییەکی دیالێکتیکیدا بوونیان هەیە. بە گوتەی هێگێل ئەوە تەنیا

ســـەروەر نییە کە ئەویتـــر وەک کۆیلەی خۆی دەبینـــێ بەڵکـــوو ئەویتریش خۆی بـــە کۆیلە دەزانێ. تەنیا ســـەروەر نییە کە خۆی بە ئەرباب دەزانێ بەڵکـــوو بەندەش ئەو بە ئەرباب دادەنێ. ئەمە کاکڵی وجوودیـــی ئەوە. ئەرباب ناتوانێ بە سەروەری بگا مەگینایەک ئەویتر بکاتە کۆیلەی خـــۆی. کۆیلە بۆ ئـــەو وەک ئاژەڵ یا شـــتێکە. کەواتە ئارەزووی ســـەروەرە کە رووی لە شتێکە نەک ئارەزووی کۆیلە. ئاگایی کۆیلە ســـەربەخۆ نییە بەڵکوو پەیوەندیی بە ســـەروەرەوە هەیە و ئەمە دژی واقیع و نرخی ئەوە. کۆیلە شـــەرەفی ئینســـانی نە لە خۆیـــدا بەڵکوو لە ســـەروەردا دەناســـێ. کۆیلە فەرمانبەری ســـەروەرە. بەڵام خودی کۆیلەتییش جۆرێک خودئاگایی دەهێنێ. کۆیلـــە ســـەربەخۆیی و ئازادی دەناســـێ بەڵام تەنیا لە ســـەروەردا دەیبینێتەوە. کۆیلە قازانجی لەمەدایە کە لە کۆیلەتی ڕزگاری بێ و ئەزموونی کۆیلەتی ئامادەی دەکا تا بۆ سڕینەوەی کۆیلەتی هەنگاو بنێ. دیارە سەرەتا کۆیلەتی بۆتە بەشێک لـــەو و هێزی نا-گوتنی نییـــە و هێزی نەفی لە ســـەروەردا دەبینێ. ژیانی کۆیلە پڕبووە لە ترس و لـــەرز. نەفیکردنی بوونێکـــی کۆیلانە هەمان «جەوهـــەری کۆتایی» و خودئاگاییە. ســـەروەر لـــە ئەربابێتیی خۆیدا قەتیس مـــاوە و توانایی گۆڕانی نییە و ناگـــۆڕێ، بەڵام کۆیلە خوازیاری کۆیلەیـــی نەبـــووە و تەنیا نەیویســـتووە ببێتە سەروەر و سەروەری بکا. کۆیلە ئامادەی گۆڕان و پەروەردەیە و لە بنەڕەتەوە بوونێکی مێژووییە. ئەو ئامانجێکی ئەرێنیی هەیە واتە سەربەخۆیی کە پێشـــتر لە ســـەروەرەکەیدا دەیدیت. ئەمە ســـاتی خۆبوونە و دەزانێ ئازادی بە چ مانایە و دەیهەوێ ڕزگار بێت. کۆیلە دوای کار بۆ ئەرباب و خزمـــەت بەو، دەزانێ کە پێویســـتە بجەنگێ. دڵەڕاوکێی ترسێکی کە سەروەر خستوویەتی ناو دڵی دەبێتە ســـەرەتای ئاگایی و زانست. کۆیلە بـــە کار و کردەی خۆی دەگاتە ئاگایی و ئازادی و گەیشتن بە خودێکی ســـەربەخۆ. ئینسان بە ســـەربەخۆیی ڕاســـتەقینە نـــاگا، مەگینایەک کۆیلەتی تێپەڕێنێ.[٢٦]

لەیلا بیست و پێنج ساڵ پێش کۆیلەیەکی سێکسیی ئەربابەکەی واتە شێخ بوو؛ لە پەیوەندی لەگەڵ شـــێخدا مانای هەبوو و شـــێخ ئەوپەڕی کەڵکی جنسیی لە لەیلای کەمتەمەن وەردەگرت. بەڵام بە گوتەی هێگێل جیهان بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندایە.[٢٧] هەموو شت و ڕووداو و دیاردەکان پەیوەندی و کاریگەرییان لەســـەر یەکتر هەیە. لە پرۆسەی دژایەتیی ناوخۆییدا جووڵە دەبێتە هۆی گۆڕان و بەرەوپێشچوون. لە ناو دڵی تێزدا ئانتی تێز دروســـت دەبێ و لـــە پێکدادانی ئەو دوانە شتێکی تازەتر (سەنتێز) دروست دەبێ. بۆ وێنە لە سیســـتەمێکدا کە زوڵم هەیە، دژە زوڵم دروســـت دەبێ و لە کەشمەکێشـــی ئەو دووانە شـــتیکی تازە، شـــۆڕش و گۆڕانکاری، دروست دەبێ. دیالێکتیک واتە واقیعێک کە بەردەوام لە جووڵەدایە و لە ناو خۆیدا هەڵگری دژایەتییە کە دەبێتە هۆی گەشە و ئاگایی و ئازادی. دژایەتی بۆ گەشەکردن پێویستە و دژایەتی دەبیتە هۆی گەڕانی بەردەوام بۆ دیتنەوەی هەقیقەت.

کەڵکوەرگرتنی جنســـیی شـــێخ لە لەیلای کۆیلە تەنانەت ســـنوورەکانی سادەی ئینسانی و عورفیی تێدەپەڕاند. بۆ وێنە کاتێک برای لەیلا لە بەیرووت دەکوژرێ، شـــێخ دایکی و لەیلا دەباتە بەیرووت بۆ ناشـــتنی عەبـــاس. دوای گەڕانەوە لەســـەر قەبران دەیانباتە خانوویەکی حیزبی کە حیزبوڵڵا لە شـــەڕدا وەدەستی خســـتووە یا بە بوختان دەستیان بەسەر ماڵی کەسێکدا گرتووە. گەرچی لەیلا دڵ بەخەمە بەڵام شـــێخ تەنیا بیر لە سێکس دەکاتەوە:

*«لـــە هەموو کات جوانتـــر دەنوێنیت.» وای گوت. پاشان لەپڕ ڕابوو و بەرەو گەرماوەکە رایکێشـــام، لە ژێر دووشـــەکە وەستاندمی، کەوتـــە داکەندنی جلەکانـــم، ئەوجا کەوتە شوشـــتنم، چون بیەوێت لە پیسیی خەمم بشوات، چەشـــنی یارییەک کەوتە شێلانی جەســـتە ســـوێرەکەم بـــێ ئـــەوەی هیچ*

*حسێبێک بۆ دایکم بکات کە لە یەکێک لە ژوورەکاندا نووستبوو. (ل. ٣٢٦)*

ئێمە لە تەواوی گێڕانەوەکەدا دەبینین کە لەیلا وەک کۆیلە و ئۆبژەیەکی سێکسیی داگیرکراو و ژێردەستی شێخ بە هۆی هەژاری و کەمتەمەنی، دەرەتانی ئەوەی نییە خۆی ڕزگار بکا.

یەکێک لە بیرمەندان و توێژەرانی خوێندنەوەکانی پۆستکۆلۆنیالیستی و ڕەهەندە کەلتوورییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم Anne McClintock لەسەر ئەو باوەڕەیە کە کۆلۆنیالیزم کەلتوور وەک ئامرازێک بەکار دەهێنێ بۆ پاراستنی بالادەستیی خۆی. ئەو ئاماژە بەوە دەکا کە چۆن کۆلۆنیالیستە(ئەورووپییە)کان نۆرم، ڕێسا و پلەبەندییان لە کۆلۆنییەکانی ژێردەستی خۆیان دروست کردووە و جێ خستووە؛ لەوانەش کار، سێکس و زاوزێ. مەککلینتۆک دەڵێ جێندێر و سێکسوالیتی، لە پرۆژە و ستراتێژی و فراوان بوونی دەسەڵاتی ئیمپیریالیستەکاندا ڕۆڵێکی ناوەندی دەگێڕن و هاوکات نیشان دەدا چۆن کۆلۆنیالیسم و پرۆسە مێژووییەکەی، کاریگەریی لە سەر ناسنامە و دارشتنی پەیوەندییەکانی ئێستا لە جیهاندا بووە.[٢٨] هەروەها یەکێکی تر لە پۆستکۆلۆنیال فێمینیستەکان Maria Lugones (١٩٤٤-٢٠٢٢) خەڵکی ئارژانتین و مامۆستای زانکۆ لە ئەمریکا، داهێنەری چەمکی کۆلۆنیالیزمی جنسییەتی، بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کۆلۆنیالیزم، پێکهاتەکان و نۆرمەکانی جێندێری/ جنسییەتیی خۆی بەسەر ژێردەستاندا، هەم ژن و هەم پیاو، دادەسەپێنێ. ئەو پێی وایە کۆلۆنیالیستی ئەورووپی دەبێتە هۆی شێوانی پێکهاتەی خەڵکی ڕەسەن و خۆجێیی کە داگیرکراون.[٢٩]

ئەم دوو بیرمەندە باس لە پەیوەندیی کۆلۆنیالیزمی ئەورووپی لەگەڵ ژێردەستانی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر ئێمە بیری وان بەقەرز وەربگرین و پەیوەندیی شێخ و لەیلا وەک پەیوەندییەکی داگیرکەر (شێخ پیاوی ئێرانە) و لەیلای داگیرکراو چاو لێ بکەین، دەبینین چۆن لەیلا بووەتە کۆلۆنییەکی جنسیی شێخ. داواکانی شێخ لە لەیلا دەگەنە ئەوپەڕی بێکەرامەتی و تەنانەت لە کاتی مەرگی براکەیدا لەیلا ناتوانێ لە هەوەسی شێخ خۆی دەرباز بکا.

دەلال زەینەدین لە وتووێژێک لەگەڵ «قناة ندوة وطن» باسی ڕۆمانەکەی دەکا و باسی ئەوە کە چۆن «رجال دین» و پیاوانی حیزبوڵلا دەسەڵاتیان پەیدا کردووە و ژنان «ئیستیسمار» دەکەن. ئەو دەڵێ دەیهەوێ بە ڕێگای ڕۆمانەکەی خۆیەوە ئەم زوڵمە نیشان بدا هەربۆیە کارەکتەری کچێک لە بنەماڵەیەکی زۆر هەژار کە پیاوێکی دینی هەر کارێکی لەگەڵ دەکا، دەخوڵقێنێ. زەینەدین لە قسەکانیدا باسی سیغە وەک «مفاجعە»یەک دەکا و بەردەوام دەبێ و دەپرسێ «ئەگەر ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە دروستە بۆ بە دزی و بەنهێنی ئەنجام دەدرێ؟»[٣٠] دەلال زەینەدین لەم وتووێژەدا ڕەخنە لە ئێپیستیمە و دۆخی مەعریفی و ئاکاری ڕێبەرانی شیعە دەگرێ.[٣١] هەر ئەم بۆچوونەش لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا دەبینرێ:

*[...] ئێمە بە ئەشقی حوسێن سەرخۆش دەبین و بە خۆشەویستیی عەلی مەست دەبین، بە لەخۆدانی زەینەبیش قسان دەبزرکێنین. سۆزانیخانە لە باشوور نییە. ماڵی خودا کەم و ماڵی حوسێنیش زۆر هەن، لە هەر ماڵێکیشدا عەلی و حوسێن و زەینەب هەن. (ل. ٩٧)*

سیغە وەک هەناردەیەکی ئێرانی لەسەر سینیی شەرع وەک پەتایەک لە باشووری لوبناندا تەشەنە دەکا. (ل.٨٥) و ژنانێکی زۆر سیغە دەکرێن و پیاوان بەناو و بیانووی جۆراوجۆر، شەوانە دەچنە ماڵە ئەو ژنانە و هەر جارەی ئابڕووچوونێک ڕوودەدا و خەڵک پێیان دەزانن. هەر ئەوانەی تۆقەکردن لەگەڵ ئافرەتان حەرام

دەکــەن، فەتــوای ڕەوابوونی ڕابــواردن لەگەڵ ئافرەتان دەدەن:

*[...] ئیــدی لەو ڕۆژەوە ئێمە تەوقە ناکەین، بەڵام بە ناوی ئایینەوە زینا دەکەین! (ل.٨٨)*
*و جەســتە بە هەندێــک خۆراکی قوتوو و سابوون و شــامپۆی ساختە دەگۆردرێتەوە. (ل.٩٣)*

بەڵام تەنیا سیغە نییە کە وڵاتی داگیر کردووە، بگرە هێــزی دەرەکی و داگیرکــەری ئێرانی بە هەموو شــێوەیەک هاتووەتە ناو سیاســەت و ژیانــی باشــووری لوبنــان. لێرەدا دیســان هەمان ڕاســتیی گوتەی فانۆن دەسەلمێنرێ کــە کۆلۆنیالیــزم تەنیا داگیرکاریــی ئابووری نییــە، بەڵکوو لەڕێگای کەلتــوور و لە ناوەوەڕا وێرانکاری دەکات و ناســنامەت لێ دەستێنێ. ئێــران گەرچی لەباری مەودا لە لوبنان دوورە، بــەڵام لە ڕێگای دین و کەلتوور و سیاســەت پەلی هاویشتۆتە لوبنان:

*[...] ئەوەنــدە بەس بــوو بیرۆکەکە ئێرانی بێت، تاکوو هەڵپە بکەینە سەر ئەنجامدانی بە تەواوی، بێ ئەوەی پرسیار بکەین.*
*تا کوو ئێستا نازانم، پاڵنەری دوای زۆرێک لەو کارە ئێرانییانە چی بوو، بە شــێوەیەک پشــتمان پێ دەبەســتن وەک ئەوەی لە باپیرانی باشــووریمانەوە بۆمــان مابنەوە؟ (ل.٩٧)*

ڤەگێــڕ دەزانــێ کــە ئێــران ســەنتەری مادەســڕکەرەکان و نەشتەرگەریی جوانکارییە و وڵاتەکەی ئەوی بە ڕێــگای کەلتوور و ئایینەوە داگیرکردووە:

*[...] تۆ کارامەی لە نەشتەرگەریی جوانکاری بۆ هەموو شــێوەکانی گەندی، بە نەشتەرە ئایینییەکەت و بێهۆشکەرە هاوردەکەت لە وڵاتی زعفەران و مافــووری عەجەمی. (ل.١۴۶)*

نووســەر هەموو ڕووداو و پێکهاتەکانی کۆمەڵگا دێنێتە ژێر ڕەخنە؛ دین، پیاوانی دینی، شــەڕ، داگیرکاریــی ئیســرائیل، هاتنی پیاوانی ســەر بە ئێران بۆ لوبنان، مەزهەبی شــیعە و ســیغە، هەژاری و بازرگانی بە پرســی فەلەســتین. ئەم ڕوانگــە ڕەخنەگرانەیە زۆرجار تێکەڵاوی تەنز و ئیرۆنی دەبێ کە هەر لە ســەرەتای ڕۆمانەکەدا خۆی دەنوێنێ، واتە کاتێک ڤەگێڕ باســی ئەوە دەکا چۆن ڕاســت لــە ڕۆژێکــی وەک ڕۆژی عاشووورادا چاوی بە شــێخ دەکەوێ. ڕاست ئەو کاتەی خەڵک دەگرین و بــۆ چاوچاوێن نابێ. بــەڵام لــەیلا دەزانێ کە لە ڕاســتیدا کەس بۆ حوســێن ناگری بەڵکوو هــەر کامەو بۆ دەردی خۆیــان دەگریــن؛ ژنێک کــە مێردەکەی ژنی بەسەر هێناوە، پیاوێک کە براکەی لە هێرشێکی ئاسمانیدا کوژراوە، دایکی کە بۆ عەباس دەگری کە چۆتــە ناو بزووتنــەوەی ئەمــەل. لەیلا بە تەنزەوە دەڵێ:

*حوســێن بەر لە هەزارو چوار ســەت ساڵ شــەهید بوو، کەچی تاکوو ئێســتا ئێمەی زینــدووان لە هەر بۆنەیەکی ئایینیدا گوایە بۆی دەگرین [...] (ل.٢٧)*

ئیرۆنیــی گێڕانەوەکە کاتێــک دەگاتە ئەوپەڕی خۆی کە شێخ بۆ دانی زەکات بە کەوشی مارکدار و بە ماشــێنی مێرسێدێس دێتە ماڵی لەیلا کە تاقە ژوورێکــە لە کۆڵانێکی قیرەتاونەکراودا. ئەو کۆڵانەی هەژارەکانی لە شــەوی زەماوەندیشدا تەنیــا نان و جاترەیان هەیە بیخۆن.(ل.٢٢) ماڵی لەیلا جگە لە هەژاری و چا هیچی دیکەیان نییە میواندریی شــێخی پێ بکەن. شێخ بە ڕواڵەت خاکەڕایانە لە ســەر عەرز دادەنیشــێ و لەگەڵ دایکــی لەیلا دەکەوێتە گفتوگــۆ. کاتێک ئیزن دەخوازێ دەســتنوێژ بگرێ، منداڵەکان کایە بە

مێزەری شێخ دەکەن. لە تەواوی ئەم ساتانەدا لەیلا شڵەژاوە. دایکی لەیلا بەرماڵەکەی بۆ درێژ دەکا:

*دایکم بەرماڵەکەی بۆ درێژ کردیت، هەر هێندەی ڕووت بەرەو قیبلە وەرگێڕا بە لاچاوی چەپت غەمزەیەکت بۆ کردم، پاشان دەستەکانت بەرز کردەوە، تاکوو ناوی خودا بهێنیت «ئەڵڵاهو ئەکبەر»، ئەو چاوداگرتنەت بەلای منەوە تەنیا هێمایەکی ڕاگوزەر نەبوو، چەکی دانپێدانانی ڕاستەوخۆت بوو بە سەرسامییت بە من (ل.٣٢)*

پیاوی دین و چاوداگرتن لەسەر بەرماڵ؟ دوای نوێژ شێخ جزدانە هەڵمساوەکەی لە گیرفانی ناوەوەی عەباکەی دەردێنێ. خۆشی ڕووی خوشک و برای لەیلا دادەگرێ:

*ئاخر ئێمە لەسەر خێر و خێراتی گیرفانە هەڵمساوەکان دەژیاین [...] (ل.٣٣)*

مێزەر و جەستە گەلێک پرسیار دەورووژێنێ کە بە زار و مێشکی لەیلای ڤەگێڕدا دێن. چۆن شیعە دوای هەزار ساڵ هەم بۆ «حوسێن» دەگرین و هەم زینا دەکەن. چۆن دەبێ پیاوانی دینی وا لۆکس بژین؟ ئەو پارەیە لە کوێوە دێ؟ بۆ لەسەر بێماناترین شت گرووپە چەکدارەکان کێشمەکێشمیان هەیە؟ بەڵام باشترین پرسیار ئەوەیە کە چۆن شێخ عەلی دوای بیست و پێنج ساڵ هێشتا نەکوژراوە؟ دیارە بۆ؛ ئەوان خۆیان لۆکس دەژین و خەڵکی بێدەرەتان بە کوشت دەدەن. بە هەمان نەفس و شێوازی ئیرۆنیک لە ناوەڕاستی ڕۆمانەکەدا کاتێک شێخ پەیدا دەبێتەوە و مەهدی کوژراوە، بەڵام شێخ هەر زیندوویە، لەیلا لێی دەپرسێ:

*- بۆچی تا ئیستا نەمردوویت؟*

*- مژووڵی هاندانی ئەوانی دی بووم بۆ مردن. (ل. ٢٤٩)*

ئینتێرسێکشنالیتی ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەیە وەهلی شیکردنەوەی تێکتەنراویی ژێردەستی دەرەخسێنێ. ئەم ڕوانگەیە ڕیشەی لە بۆچوون و تیۆرییەکانی پۆستکۆلۆنیالی، تیۆری ڕەخنەیی و ئەزموونی ڕۆژانەی ئەفرۆئەمێریکەنەکاندایە.[٣٢] چەمکی ئینتێرسێکشنالیتی نایەکسانیی ڕەنگین پێستەکان و نایەکسانیی جنسییەتی دێنێتە بەر باس و پێی وایە بۆ وێنە ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن تەنیا بەهۆی جنس و فیزیکی ژنبوونەوە نییە کە ژێردەستەن، بەڵکوو هۆکار و پێکهاتەی دیکەش وەک ڕەنگی پێست، لەسەر ژێردەستەبوون کاریگەریی هەیە. ئەگەر ژنێکی سپی بەهۆی ژنبوون ژێردەستە بێ ئەوە ژنێکی ئەفرۆئەمێریکەن چەند جار ژێردەستەیە. واتە جیا لە ژن بوون، فاکتگەلی وەک ئیتنیسیتە، ڕەنگی پێست، شوێن و ناوچەی ژیان، ناتوانایی و کەمئەندامی، چین، خوێندەواری، تەمەن و هتد، کاریگەرییان لەسەر هەڵاواردەیی و ژێردەستەییدا هەیە.[٣٣] ئینتێرسێکشنالیتی چوارچێوە و ڕوانگەیەکە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن فۆرمە جۆراوجۆرەکانی نایەکسانی و هەڵاواردن یەکتردەبڕن؛ -بەتایبەت لە ژیانی تاکی پەراوێزخراودا- و چۆن ڕەگەز، نەتەوە، چین، سێکس، ئایین، تەمەن و تاد، کاریگەرییان بۆ دروستکردنی ئەم ژێردەستییە هەیە.

نووسەری مێزەر و جەستە دەیهەوێ دۆخی ژێردەستی چەندقات و چەندلایەنە و دۆخی سووریئالی ژیانی ژنان و کچان لە گەرەکە هەژارەکانی باشووری لوبنان نیشان بدا. ژنانێک کە شەوانە لە ماڵی لەیلا کۆدەبنەوە و باسی ئەزموونە سێکسییەکانی خۆیان دەکەن. ئیسرائیل ئەم ناوچەیە بەردەوام بۆمباران دەکا، بەڵام ئەم بۆمبارانانە دەبنە سەرچاوەیەکی داهات بۆ هەژاران. لەیلا باسی براکەی عەباس و ڕەفیقەکەی مەهدی دەکا کە چۆن دوای

بۆمبارانەکان ئاسنەواڵەکان کۆ دەکەنەوە:

*ئـــەو دەمـــی گوندەکەمـــان لـــە لایـــەن ئیســـرائیلییەکانەوە بۆمبـــاران دەکـــرا، بۆ ئـــەوەی ڕای نەدەکرد لە ترســـی بۆمباران بگەڕێتەوە ماڵەوە، خۆی و مەهدی بۆ ئەوە ڕایان دەکرد تاکوو قەوانە تۆپ و مووشەک کـــۆ بکەنەوە نەکوو یەکێکی تر پێش ئەوان کۆیان بکاتـــەوە، هەر دووکیان شـــەیدای ئەم سەرکێشـــییە بوون لەبەر پێویســـتیی کەسێتی. (ل.٤٠)*

عەباس و مەهدی ئاسنەواڵەکانیان بە بازرگانێک دەفرۆشـــت و پارەکەیـــان بە یەکســـان دابەش دەکرد. عەبـــاس بە پارەکە ڕەنگی بۆ نەقاشـــی دەکڕی و مەهـــدی جلوبەرگی وەرزشـــیی پێ دەکـــڕی. کاتێک لـــە پارەکەی مەهـــدی زیاد دەماوە بە قەرز دەیدایە عەباس کە بنەماڵەیەکی پڕکەســـی هەژارتـــر بـــوون. عەبـــاس کوڕێکی دەسترەنگینی نەقاشـــە. لەسەر دارودیواری ماڵە هـــەژارەکان کـــە زۆر جار پەنجەرەشـــیان نییە باڵندە و دار دەکێشـــێتەوە. عەباس هیچی جگە لە جوانکردنی دەوروبەری نەدەزانی.(ل.٤٣) بەڵام هێزەکانـــی ئیسلامی سیاســـی بـــەوە دەزانن و دەیانهـــەوێ لە توانایی ئـــەو بۆ خۆیان کەڵک وەربگرن و وێنەی خومەینی و ڕێبەرەکانیان لە سەر دیوارەکان بکێشێتەوە. بۆیە دایدەمەزرێنن

*جەنگ بەهرەی کەســـانی ساویلکەی وەک ئێمە دەقۆزێتەوە، ئیدی چۆن لێ دەگەڕێت بەهرەیەکـــی بەخشـــەندەی وەک بەهرەی عەباسی لەدەست دەربچێت! (ل.٤٦)*

بەڵام عەباس بیرتیژە و شتەکان دەبینێ. جارێک کە لە بەیرووت ڕا دەگەڕێتەوە ئەو پرسیارە دەکا

*ئێمە لەمێژە هەژارین، بۆچی شـــێخ عەلی پێشـــتر تێبینیی ئەمەی نەکردووە، بۆچی ئێستا ئەم هەموو بەخشندەییەمان بەسەردا دەبارێنێت؟! (ل. ١١٥)*

دایکی لـــەیلا زیاتر لە هەمـــوو کەس متمانەی بە دیـــن و پیاوانی ئایینی بـــوو. ئەو کە هێندە هـــەژارە تەنیـــا تاقە دەرپێیەکـــی هەیە و کاتی نوێـــژ دایدەکەنی و بە کراســـەکەی لاقولەتەری دادەپۆشـــێ، بـــەڵام قـــەت شـــک لـــە دۆخی ژێردەســـتەیی خۆیـــان و ناپاکیی شـــێخ ناکا. هاوکات شێخ لە کاری خۆیدا کارامەیە. ڕۆژێک کە شـــێخ لە ئێران ڕا گەڕاوەتـــەوە و پارەی بۆ خێرکردن لەگەڵ خـــۆی هێناوە، داوا لە دایکی لەیلا دەکا کە لـــەیلا لەگەڵی بڕواتە دەر تا جل بـــۆ منداڵەکان بکڕن. دایکی دیندار متمانەی بە ئایین و شـــێخە و ڕێگری لە کچەکەی ناکا. ئەم ڕۆژە شێخ بە لەیلا دەڵێ دەیهەوێ سیغەی بکا

*- هێشـــتا لەســـەر قســـەی خۆمم، ئەمڕۆ دەمەوێت مارەت ببڕم.*
*- بەڕاستیتە؟! بڕوا ناکەم!*
*- هاوســـەرگیریی ســـێغە، وەکـــوو هاوسەرگیریی ئاسایی.*
*- تێنەگەیشتم؟*
*خوێن لە دەمارەکانمدا مەیی، چۆن یەکێک زلـــەیەکی بە پشـــتەملمدا کێشـــابێت، زلـــەکەی لێلییەکی لە چاومدا دروســـت کردبێـــت. نائومێدییەکەم هـــەزار قات بوو، نائومێدییـــەک دوای ئـــەو هەمـــوو خەونە بەرفرەوانانە چاوەڕوانی نەبووم. (ل.٧١-٧٠)*

دواتر ســـیغەکردنەکە چەندین جـــار و بە پارە چەندپاتە دەبێتەوە. پارەیەک کە بنەماڵەی لەیلا لـــە هەژاری نەجـــات دەدا بەڵام لـــەیلا دەکاتە کۆیلەی جنسیی شێخ و لەیلا دەبێتە ئەویندار شـــێخ. دۆخـــی هەژارەکانـــی کۆڵانەکەیـــان وا سەختە کە جیرانەکان ئێرەیی بە جلە تازەکانی منداڵەکان دەبـــەن.(ل.٨٢) لەیلا ناوێرێ تەنانەت بۆ دەستەخوشکەکانیشی باسی پەیوەندیی خۆی

و شێخ عەلی بکا، ئاخر شێخ کەسایەتیی ئایینی و سیاسی بوو و نەدەکرا لەیلا ببێتە هۆکاری زڕاندنی ناوی شێخ و ئابڕووچوونی.(ل.١٠٣) تەنانەت کاتێک شەوێک لەیلا بەدزی دەچێتە لای شێخ و نیگابانی شێخ لەیلا نابینێ بەڵام تەقە لە تاریکی دەکا بەیانی دەنگۆی ئەوە بڵاو دەبێتەوە کە هەوڵی تێرۆری شێخ دراوە و ئەمەش هەر بۆ پترناوەدەرکردنی شێخ و ئۆتۆریتەی باشە. ئەم دۆخە نەفرەتکراوە، دۆخێک کە حەز ناکەی شانبەشانت بڕوا، پتر لە ساڵێک دەکێشێ و شێخ لەسەر پەنجە لەیلا دەسووڕێنێ.(ل.١١٥-١١٤)

لەم دۆخە نابەرانبەرەدا تێکتەنراویی رووبەرەکانی ژێردەستی بە روونی دیارن. لە لایەک شەڕە، لە لایەک بازرگانان لەم شەڕە قازانج دەکەن. لە لایەک باسی شەڕ بۆ فەلەستین دەکرێ و کایە بە هەستی خەڵک دەکرێ، لە لایەکی تر کچانی جەوان دەبنە خۆراکی سێکسیی پیاوانی دین. پارەی زەکات و ئێران هێندە زۆر و کاریگەرە کە بنەماڵەی هەژاران دەتوانن جل و گۆشتی پێ بکڕن و لە خۆشییان خەویان لێ نەکەوێ:

*هاتنەکەت بەلای ئێمەوە لە پەرجوویەکی ڕاستەقینە دەچوو، چرایەکی ئەفسووناوی بوو لەپڕ یەکێک بێ ئەوەی داوای لێ بکەین، لێوەی سەری دەهێنا و ئەم هەموو خۆشییەی بەسەرماندا باراند. من ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم! خوشک و براکانیشم هەر نەنوستن. [...] (ل. ٣۶)*

ئەوین، سێکس، دەسەڵات و پارە، جوانی و هەژاری، بازنەیەکی شووم دروست دەکەن. زۆر جار لەیلا ویستوویەتی خۆی ڕزگار بکا بەڵام لە داوی پارە و ئەوینی شێخ ڕزگاری نەبووە. تەنانەت ساڵانی دواتر کە لەیلا مێردی کردووە هەر ناتوانێ شێخ فەرامۆش بکا:

*هەموو هەوڵەکانم بۆ هەڵاتن لە تۆ مایەپووچ بوون، بێ ئەوەی بمویت گەڕاندمیانەوە بۆ لات، چما بەڕاستی دەمەوێت لەبیرت بکەم؟! یا خود پاساو دەهێنمەوە، تاکوو لە بەردەم خوێنەراندا وا نیشان بدەم ئافرەتێکی نموونەییم؟!چۆن لەو گرییەی لەگەڵمدایە قوتار بم و ڕزگار بم لەو هەستی خۆبەکەمزانینە لە بەردەمتدا؟! [...] ئەوەتانێ بزەخەنەت بۆ دەکەم، زۆر بە بێچاوروویییەوە هەر کە وشەکانیم بیر دێنەوە تۆش لەو ڕۆژەدا وڵامی پرسیارە بێماناکەم دەدەیتەوە*
*- بڵێی ڕۆژێک بێت لە بیرم بکەیت؟!*
*- بەڵێ، ئەو دەمی فەلەستین ڕزگار ببێت، لە بیرت دەکەم. (ل.١٣٣)*

لەیلا لەسەر نووسینی ڕۆمانەکەی سوورە. نووسینی ڕۆمانێک بۆ ئەوە دەبێ ژیانتی لەسەر دابنێی. دوای ئەوەی ڕۆژێک مێردی لەیلا داوەتی دەکا لە دەرەوەی ماڵ لەسەر «مەرمەرە» ماسی بخۆن، لەیلا مۆڵەتێک بە خۆی دەدا، چونکە هێشتا لەسەر نووسینی ڕۆمانەکە ناخۆشی لەنێوانیاندا هەیە. هاوکات ئیستانبوڵ شارێکە کە کەمەندکێشت دەکا، تەنانەت ئەگەر حەزت لە ماسی خواردنیش نەبێ. مێردی لەیلا خەریکی مۆبایلەکەیەتی و لەیلاش بە هەمان شێوە و وڵامی چەند کۆمێنتێکی فەیسبووکی دەداتەوە. لەیلا بایەخ بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەدا کە «پەنجەرەیەکت بۆ دەکاتەوە و بانگهێشتت دەکات بێ هەڵاواردن، چاوەدزێ بخەیتە سەر هەموویان.»(ل.١٢٠) لەپڕ لەیلا وێنەیەک دەناسێتەوە. لە ئەکاونتی فەیسبووکەکەی دەگەڕێ. مەهدییە. هەمان مەهدی ڕەفیقی عەباس کە لەیلا لەسەر داوای شێخ ڕازیی کردبوو لە بزوتنەوەی ئەمەل ڕا بچێتە ناو حیزبوڵڵا:

*(مەهدی) پێری بە هۆی کەوتنە ناو بۆسەیەکی شۆڕشگێرانی غوتەوە لە سووریا مرد. لەو دەمی بۆی دەگریام پێکەنینێک*

*دایگرتـــم. چما ئەمانە ئەو شۆڕشـــگێڕانەن ســـاڵانێکە من بەرگرییان لـــێ دەکەم، بە کوشـــتنی مەهدیی هاوڕێی عەباســـی برام پاداشتم دەدەنەوە؟ ئەمە چ پارادۆکسێکە؟ (ل.١٢١)*

خەم دایدەگرێ و لەیلا هەســـت بە تاوان دەکا. ئەو زامانەی پێی وا بوو وەخەبەر نایەنەوە دیسان تەشەنە دەکەن. لەسەر یەکێک لە وێنە تازەکانی مەهدی بەدەم گریانەوە کۆمێنتێک دەنووسێ:

*«بۆچی برِوات پێ کردن مەهدی، ئەوان درۆت لەگەڵدا دەکەن، ئەوان هەڵیانفریواندی؛ خۆ ڕێگەکانی قودس بە دۆمادا تێناپەڕن، باشوور کورتترین ڕێگەیە بۆ فەلەستین، ئاخر بۆچی برِوات پێ کردن؟ سوێندت بۆ دەخۆم ئەوان درۆ دەکەن.» (ل. ١٢٢)*

ئەم کۆمێنتە ســـەرودڵی زۆر کەســـان دەگرێ و لەیلا بە خۆفرۆشـــی تۆمەتبـــار دەکەن. لەیلا دەگەڕێتـــەوە ماڵ و دەخوازێ بنووێت تا هەموو شتێک لەبیربکات. نامەیەکی لە پۆستی تایبەت ڕا بۆ دێ:

*ئایـــا تۆ لـــەیلای؟ ئەدگارت لـــە وێنەکەدا تـــا ڕادەیەک لـــەو دەچێت، ئایـــا خۆتی؟ کۆمێنتەکـــەی لەســـەر وێنەی شـــەهید مەهدی نووسیوتە بسڕەوە! (ل.١٢٢)*

شـــێخ عەلییە و ئەمە دەبێتە سەرەتای گفتوگۆ و جەنگێک. لەیلا دەیناســـێتەوە. یادگەی لەیلا دەگەڕێتەوە شـــەوی عاشـــوورا. لـــەیلا چاو لە پۆستەکانی شێخ دەکا. لەیلا کەمەندکێش دەبێ. هێشـــتا شێخ کاریگەریی بەســـەر لەیلاوە ماوە. شێخ دەست بە پرســـیار دەکا و سەردەکێشێتە ناو قوژبنی ژیانی لەیلا:

*- چەند منداڵت هەیە؟*

*- ئەمە ئیشی تۆ نییە.*

*- زماندرێژ بوویتە!*

*- بۆچـــی بـــە دیاریکـــراوی مەهدییـــت هەڵبژارد؟!*

*- خـــوا هەڵیبژارد، پاشـــان بۆچی ئەوەندە بایەخ بـــەم بابەتانە دەدەیـــت؟! چاوەڕوانی پرســـیارێکی تر بووم، بۆ نموونە پرسیاری دۆخم بکەی!*

*- حەز بە پرســـیاری ڕۆتینی ناکەم، ئیستا مەهدی و شۆڕشی سووریا گرینگترن.*

*- هەهەهەهەهە، بە شۆڕشی ناو دەبەی! ئایا تۆ لەیلایت یا یەکێکی تر؟!*

*- بمبەخشە، کوڕیەکەم بێدار بووە، دەبێت بایەخی پێ بدەم.*

*- ناوی چییە؟*

*- عەلی نییە، ناوی هیچ یەک لە منداڵەکانم بەم ناوەوە ناو نەناوە.*

*- بە ئەنقەست وات کرد؟*

*- ڕەنگە!*

*- ئەمـــە ئـــەوە دەگەیێنێـــت تۆ لـــەم ناوە بترسیت.*

*- نا، بەڵام کاتێک تۆم لەبیر کرد ناوەکەشم لە بیر کرد، تەنیا ئەوەندەیە.*

*- خۆت بە گەورە دەزانیت، ئەمە نەریتی تۆ نییە.*

*- ئیتر نەریتەکانم گۆڕاون.*

*دەرگەی گفتوگۆم لە نێوانماندا داخســـت، چـــۆن دەرگەیەک لـــە دەرگەکانی دۆزخم بەسەردا داخرابێت. (ل. ١٢٦-١٢٧)*

وە لەمەودوا شـــێوازێکی تازەی گفتوگۆ لە نێوان شـــێخ و لەیلادا دەست پێ دەکا. شەپۆلی زەین یادەکان زیندوو دەکاتەوە؛ ئەکتە سێکسییەکان، فێربوونـــی جگەرەکێشـــان لە شـــێخ، عەباس، مەهـــدی، نۆیکردنەوەی ســـیغە بـــە بەهانەی جۆراوجـــۆر، فێربوونـــی لێکدانـــەوەی قورئان و فاڵگرتنەوە، نیشتمانی تایەفە و ئیدیۆلۆژییەکان، تاوانەکانی ئیســـرائیل، گوتارەکانی شـــێخ دژی

ئیسرائیل، عیماد، کوڕێکی شێت، کە تا ئەو پەڕی خۆشەویستی لەیلای خۆش دەویست و شێخی نگریس تەنانەت دەیهەوێ عیماد بۆ «چالاکیی ئیستیشهادی»(ل.٢٥٤) بەرەو دوژمن بەرێ بکا. لەیلا ڕاوەستانی خۆی دژی بڕیاری شێخ بۆ بە کوشتدانی عیمادی دێتەوە یاد:

*- تەنانەت ئەگەر ئەو چالاکییەی باسی دەکەیت هەموو خوارووی ڕزگار بکات، ڕێگەت نادەم بە عیمادی بکەیت، لە یەکێکی دی بگەڕێ.*
*- تۆ کێیت تاکوو ڕێگەم بدەیت، یا نا؟!*
*بۆ یەکەم جار تێبینیی ئەم نگریسییە لە تۆنی دەنگی شێخ عەلیدا دەکەم! کاتێک ویستم بڕۆم بە توندی دەستی گرتم:*
*- بۆ کوێ؟! هێشتا ئاوەکەم تێتدا بەتاڵ نەکردووە.*
*- بەو شێوەیە قسانم لەگەڵدا مەکە وەک ئەوەی سۆزانیی تۆ بم.*
*- تۆ وایت. (ل. ٢٦٦)*

و شێخ دەکەوێتە گیانی لەیلا و جلەکانی دادەکەنی. بۆ یەکەمجار لەیلا لە شێخ دەترسێ. گەرچی لەیلا تا ڕادەی شێتیی شێخی خۆش دەویست بەڵام دوای ئەم ڕۆژە بڕیار دەدا نەگەڕێتەوە لای شێخ:

*ئەمە دوامین جار بوو شێخ عەلیم بینی، دوامین جاریش بوو زەکاتی پێ داین، دوامین جاریش بوو خۆم یەکلا کردەوە لێی دابڕێم.(ل.٢٦٧)*

جیهانی لەیلای شازدەساڵانە کە تیکەڵاوێک لە ڕوانگەی ڕەخنەگرانە و خۆشەویستی و نیاز بوو، ئێستا دوای بیست و پێنج ساڵ تێکەڵاوی باوەڕبەخۆیی و بەرپەرچدانەوە بووە. سەردەمانێک لەیلا منداڵکار بوو و نەیدەتوانی لە بەرانبەر شێخەکەیدا ڕابوەستێ، بەڵام ئێستا بە وتەی مێردی لەیلا، ئەم ئافرەتە ئاڵۆزە، (ل.٢٤١) دەتوانێ لە بەرانبەر شێخ دا ڕاوەستێ و پێی دەڵێ شێخ بە بیری فارس گۆش کراوە بۆ کوشتنی خەڵک. لەیلا کە بۆخۆی دەزانێ هۆکاری ڕاستەوخۆی گرێی ئەم ئافرەتە ئاڵۆزە هەمان شێخە، ئێستا دەیهەوێ قامک لەسەر جیاوازیی خۆی و شێخ دابنێ:

*- هەوڵ دەدەیت بۆم بسەلمێنیت تۆ لە لایەنی هزرییەوە پێگەیشتوویت، ئەمەم پێگەیشت، من دانی پێدادێنم تۆ بە ڕۆشنبیرییەکەت لە من لەپێشتری، ئایا ئەمە ئەو شتە نییە دەتەوێت پێی بگەیت؟*
*- نا، ئەمە نییە من دەمەوێت، من تەنیا دەکۆشم بۆت ڕوون بکەمەوە من لە گەڵێک شتدا لە تۆ باشترم، نەک تەنیا هەر بە ڕۆشنبیرییەکەم، ئەمە هەموویەتی.*
*- [...]*
*- وادیارە زۆر کاریگەری بەوەی لە ڕۆژئاوادا دەیڵێن!*
*- بەڵێ، ئەمە ڕاستە، کاریگەریم بە بیری ڕۆژئاوا تەواو لە کاریگەریت دەچێت بە بیری فارسی، لەگەڵ جیاوازییەکی سادەدا، ئەو بیروبۆچوونانەی وەریاندەگرم هانی کوشتنی کەسم نادەن وەک ئەوەی بۆچوونەکانی تۆ دەیکەن [...] (ل. ٢٤٢-٢٤١)*

ڤەگێڕ گێڕانەوەکە تاو دەدا. ئەم ژنە ئاڵۆزە کە باسی نووسەرانی گەورە و بیرمەندانی وەک کافکا و فرۆید و هێلێن فیشێر دەکا، بە ئەووین و گیرۆدەیی خۆی بە شێخدا دەچێتەوە. داوای لێبووردن لە دڵی دەکا. شێخ بەردەوام پەیامی بۆ دەنێرێ و دەڵێ دەبێ یەکتر ببینین و شێخ دێتە تورکیە. لەیلا بەیانییەک بە بیانووی چوونە لای دوکتور دەڕواتە دەر تا شێخ ببینێ. شێخ پەیتا پەیتا پەیامی بۆ دەنێرێ. لەیلا پەیامەکان دەبینێ بەڵام وڵام ناداتەوە. لەیلا دەڕوا بۆ ئەم قاوەخانەیە کە شێخ لەوێ دانیشتووە. لە

دوورەوە شێخ دەبینێ، بەڵام ناچێتە لای شێخ و دەگەڕێتەوە ماڵ.
هــەژاری، بــاوەڕی دینی و خۆشویســـتن کاریگەرییـــان هەیە لـــە دروســـتبوونی جۆرە پەیوەندییەک کە لـــەیلای جەوان تێیدا دەبێتە بەردەیەکی سێکســـی و جەستەی لەیلا دەبێتە کۆلۆنییەکی جنســـی. لەیلا بەم هۆکارانە دەبێتە کۆیلەی جنســـیی شـــێخ بەڵام بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە، هەوڵی دابڕان لە شێخ دەدا تا خۆی ببێتە ســـەروەری خۆی. هەم کاتێک ســـیغەکە نوێ ناکاتەوە و هەم دوای بیســـت و پێنج ساڵ گەرچی دڵی هەر لای شـــێخ بـــووە، تا بەردەم شـــێخ دەڕوا بـــەڵام ناچێتە لای و بـــەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە. لێرەدا لەیلا هەم وەک کۆیلەیەکی جنســـی و هەم وەک کەســـێک کە وڵاتەکەی داگیرکـــراوە، لەبەرانبـــەر ئەرباب‌دا ڕادەوەســـتێ. ئەم پرۆســـە دەروونییە گەرچی زیاتر لە بیست وپێنج ساڵ دەخایەنێ، بەڵام سەرئەنجام دەگاتە ســـەنتێزێک؛ هەوڵی لـــەیلا بۆ ئـــەوەی لەژێر ســـەروەری و دەسەڵاتی ئەرباب بێتە دەر. دوای گەڕانەوە بۆ ماڵ پەنا بۆ مێردەکەی دەبا:

*بە توندی ئامێزی لـــێ دەدەم، نەک لەبەر خۆشەویســـتی، بەڵام دەمەویـــت دڵنیا بم لەوەی تەنیـــا ئەم جارە ســـەرکەوتووبووم لـــە دەربازبـــوون لـــە دەســـتت، هەروەها ئـــەو چۆلەکانەی عەباس لە قـــەد دیواری هەژارەکان نیگاری دەکێشـــان، لە دواییدا توانییان لە شـــەقەی باڵ بدەن و بفرن..... (ل. ٣٣٠)*

ئایا نەچوون بۆ لای شێخ ڕزگارییە؟
فانۆن بـــۆ ڕزگاربـــوون لـــە داو و زنجیر کاری بەکۆمەڵ و شـــۆڕش بە پێویست دەزانێ. فانۆن تەنانەت توندوتیژیی شۆڕشگێڕانە بۆ گەڕانەوەی کەرامـــەت بۆ خەڵک و شـــکاندنی دەســـەڵاتی کۆلۆنیالیســـت بە زەرووری دەزانێ. فانۆن دەڵێ ســـتەملێکراوان دەبێ ژیانی خۆیـــان کۆنترۆڵ بکەنـــەوە. بۆ ڕزگای لە عەقڵییەتـــی کۆلۆنیالی، هوشـــیاری، ئاگایی و بەخۆداچوونەوە مەرجن و تاک لە ڕێگای بە سوبژەبوون واتە بوون بە تاکی بکەری ئاگا و دابڕان لە نۆرمی داگیرکەر دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا و ئایدێنتیتیی خۆی دروســـت بکاتـــەوە. ڕزگاری لـــە کۆلۆنیالیســـتەکان تەنیا ڕزگاریی سیاسی نییە، بەڵکوو ڕزگاریی دەروونی و کەلتوورییـــە. ئەوەی پۆستکۆلۆنیالیســـتەکان جەختی لەســـەر دەکەن و پێیان وایە کە دەبێ دوای ڕزگاری، ئاسەوار و کاریگەریی بەها و نۆرم و مێکانیســـمەکانی سیســـتەمی کۆلۆنیالیستی لەخـــۆت دارنی و لەســـەرڕاوە خۆت پێناســـە بکەیتەوە. بـــەڕای فانۆن ئینســـانی کۆلۆنیکراو، گەرچـــی هەوڵـــی ڕزگاری دەدا، بەڵام بەردەوام لەنێوان چەند ســـووژەییدایە؛ ســـووژەیەک کە بەســـەریاندا سەپاندووە و ســـووژەیەک کە پێی وایە خۆی بڕیاردەرە. هەر ئەو جۆرەی لە لەیلادا دەبینین. لەیلا هاوکات کە دەیهەوێ لە شـــێخ ڕزگار بێ پەلکێشـــی دەبێت. نووســـەرهاوکات کە پەیوەندیی جنســـیی شـــێخی داگیرکەر و لـــەیلای داگیرکراو دێنێتە ژێـــر ڕەخنە، خۆی دەکاتە ئۆبژەی سێکسی بۆ مێردەکەی تا بتوانێ ڕۆمانەکەی بنووسێ:

*[...] دوور لـــە خدیی خۆم خۆشەویســـتیم بۆ پیاوەکەم دەرخســـت، بۆ یەکەمین جار داوای سێکســـی لـــێ دەکـــەم، هەوڵێکی سەرنەکەوتووی من بوو بۆ پێشکەشکردنی بەرتیلدانـــی بەیانییانـــە بۆی لـــە بەرانبەر ئەوەی واز لە جارسکردنم بهێنێت، کاتێک دەربارەی تۆ دەنووسم...! (ل.١٦)*

ڤەگێڕ بۆ ئەوەی بتوانێ بنووسێ تەنانەت ئامادەیە جەستەی خۆی بکاتە کەرەسەیەک بۆ بەرتیلدان بە مێردەکەی. لێرەدا لەیلا ڕاست هەمان کردەوە دووپات دەکاتـــەوە کە خۆی بـــە دژی دەنگی بەرزکردووەتەوە و ڕەخنەی لێ دەگرێ و ڕۆمانی لەســـەر دەنووســـێ؛ واتە جەســـتەی ژن وەک

کەرەسەیەک بۆ ویستەکانی پیاوان یا کردنی بە ئۆبژەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک. ڕاست کاتێک کە لەیلا لە شێخ دادەبڕێ دەچێتە ئامێزی پیاوێکی تر واتە مێردەکەی و لەباوەشی دەکا. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا لەیلا لە ئەخلاقی کۆیلەبوون ڕزگاری بووە؟

سەرەڕای ئەم پرسیارە، خاڵی هەرە گرینگ لە مێزەر و جەستە دا ئەوەیە کە خودی نووسینی ڕۆمانەکە و گێڕانەوەکە دەگاتە مەقسەد و ڕۆمانەکە بە هەموو دژایەتییە ناوخۆییەکانییەوە دەگێڕدرێتەوە و دەنووسرێت. مێردی لەیلا لە هەوەڵەوە ڕازی نییە ژنەکەی ڕۆمانێکی وا بنووسێ و بەتایبەت نابێ ئاماژە سێکسییەکان بچنە ناو دەق. بەڵام لەیلا ئامادەیە بەخاتری نووسینی ڕۆمانەکەی و بەقەولی خۆی گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی واقیعی، تەنانەت جیا بێتەوە؛ گەرچی منداڵی وردی هەیە. نووسین دەبێتە دەرمانی گریەکی دەروونی. نووسین دەبێتە دەنگی ژێردەستان و دەرفەت و هەوڵێک بۆ باس لە داگیرکردنی وڵاتەکەی و ئەو ستەمە جنسییەی بەناوی دین و بەهەشت لە ژنان دەکرێ. بەخاتری نووسین لەیلا ئامادیە تەنانەت ناوی «ڕافیزە»ی[۳۴] لەسەر دابنرێ. (ل. ۱۸)

هەڵبەتە ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی ڤەگێڕ بۆ دین لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەدا دەبینرێ و دەکرێ ئەم باسە بێتە گۆڕ کە ڕەخنە و لادان لەو ئایینەی کە تێیدا لە دایک بووی، هەمیشە پرسیکی هەستیار، پڕمەترسی و تێکەڵاوی کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی، کەلتووری و یاساییە. بۆ وینە لادان لە ئیسلام کفرە و دەتوانێ حوکمی مەرگی هەبێ یا تاک تووشی زەبروزەنگ، تەریک کردن، فڕیدان، تاراوگە و تف و لەعنەت بکا. هاوکات تێڕامانی ڕەخنەگرانە دەتوانێ لە پرۆسەی گەشەی تاکدا ڕزگاری لەگەڵ خۆی بەدیاری بێنێ. هەر ئەو جۆرەی هەم لە ناو ڕۆمانەکەدا و هەم لە دنیای دەرەوەی ڕۆمانەکەدا نووسەر و لەیلا ناچار دەبن بڕۆنە تورکیە.

وەک پێشتر ئاماژە کراوە ئەم وتارە هەوڵ دەدا ببێتە نووسین و شوێنێکی نێوان بواری[۳۵] بۆ شیکردنەوەی تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی[۳۶] لە ڕۆمانی مێزەر و جەستەدا. بەهەمان شێوە کە ڕۆمان و گێڕانەوەکە، وەک کارێک لە ڕوانگەی هێگێلەوە، هەوڵێکی ڕزگاریخوازانەیە[۳۷] و ستەمی جنسی لەژێر ناوی گەیشتن بە بەهەشت لە لایەن «رجال دین» بە باشترین شێوە نیشان دەدا:

*کاتێک پێت گوتم لە بەرانبەر هەر ساعەتێک چێژ لەگەڵتدا دەیبەمە سەر، کۆشکێکی نوێم لە بەهەشتدا بۆ بنیات دەنرێت، منیش بە ساویلکەیی پێم گوتی: «من بە تەنیا چی لەم هەموو کۆشکە بکەم؟! دەمەوێت لەبری من بۆ خوشک و براکانم و دایکم کۆشک بنیات بنرێن.» (ل. ۱۴۷)*

کاتێک باس لە نێوانبواری دەکەین، بەو مانایەیە کە توێژینەوەیەک چەندین دیسیپلین و بازنەی تیۆریی تێکەڵ بە یەکتر دەکا تا باشتر بە وڵامی پرسیکی ئاڵۆز بگا. کاتێک باس لە تێکتەنراویی ڕووبەرەکانی ژێردەستی/ئینتێرسێکشنالیتی دەکەین، باس لە چوارچێوەیەکی شیکاریی کۆمەڵناسانە دەکەین بۆ تێگەیشتن لە کارتێکردنی چەندین فاکت و توخم لەسەر یەکتر کە ژێردەستی، جیاوازی یا باڵادەستی دروست دەکەن و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاک و یا گرووپەکانی لێ دەکەوێتەوە.

دەلال زەینەدین بە نووسینەوەی ژیانی لەیلاکانی وڵاتەکەی کە بەهۆی نەدارییەوە دەبنە نێچیری پیاوانی دەسەڵاتدار و پیاوانی ئایینی، چووەتە ڕیزی نووسەرانی دژەداگیرکاری و بووەتە دەنگی ژنانی ستەملێکراوی ناوچەکە. ڕۆمانی مێزەر و جەستە دەچێتە خانەی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالی و پێمان نیشان دەدا چۆن جەستەی ژن وەک کۆلۆنییەکی سێکسی بەڕێگای ئیدئۆلۆژی، سیاسەت و ژێردەستیی

چینایەتـــی، کەڵکی لێ وەردەگیـــرێ. هاوکات لە پرۆســـەی گێڕانەوەکەدا نیشـــانمان دەدا زۆر جار پێکهاتەکانی خودی کۆمەڵگا، هاســـانکاری بۆ داگیرکاری دەکەن. بەڵام تاک بە شـــەرێکی دەروونـــی دژی مەیلی خـــود و دژی بەهاکانی داگیرکەر بە زانست دەگا و هەوڵی خۆرزگارکردن دەدا. رزگاری پرۆســـەیەکی چەتوونـــە و کاری درێژخایەن و ئاگایی گەرەکە.

## ژێدەرەکان


١. مێزەر و جەستە، دەلال زەینەدین، وەرگێڕ: سەباح ئیسماعیل. چاپی یەکەم، دەزگای فام، کوردستان ٢٠٢٤

2. Interdisciplinary

3. Intersection

4. https://www.facebook.com/share/ p/rAiuRDT-BTMfU9eCd/

5. https://www.kurdipedia.org/default.aspx?lng=1&q= 20081216135604793

6. https://www.facebook.com/share /p/MwnFFUwERRJqM4o1/

٧. سەرەڕای ئەوە خۆم کەمێک ئاشناییم بە زمانی عەرەبی هەیە بەڵام بـــۆ دڵنیابوون دوو دەقـــی کورتی ڕۆژنامـــە عەرەبییەکانم نارد بۆ کاک سۆران پاڵانی و ماموســـتا سەباح ئیسماعیل تا لە ناوەرۆکیان دڵنیا بم. لێرەدا سپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەم.

٨. جریده الکترونیه مستقله، رئیس التحریر ساطع نورالدین

٩. https://www.almodon.com/culture دلال زین الدین فی «عمامه و جسد»، المهانه والتباس الحب

10. https://www.facebook.com/sha re/p/CDjTHbtD-wxddLmNR/

11. https://youtu.be/WyMAMWCISR8?si=nObScHZCoZ4bYGgr

12. https://www.facebook.com/share /p/HGxgDJci-3yrZjBsa/

١٣. وێنەی بن پۆســـتەکەی دەلال زینەدین ئەو وێنەیە کە چەند کچ لە کلاسی دەرس حیجابیان لابردووە و ڕووبە تەختە و دیوار کە وێنەی خامنەای لەســـەر هەڵاوەســـراوە ڕاوەســـتاون و قامکیان بۆ ڕاداشتووە. وێنەکە کاتی شۆڕشی ژینا بە فراوانی بڵاو بووەوە

١٤. پشت بەرگی ڕۆمانەکە

15. https://www.facebook.com/share /p/fg3qU7X-PwtUmzXKk/

16. https://www.facebook.com/share /p/YD5Wosp-Kj4WsUF3X/

١٧. میرنامە لە نووســـینی جان دۆســـت، وەرزی کـــۆچ بەرەو باکوور لە نووسینی ئەلیەیب ساڵح و زریاب لە نووسینی مەقبول ئەلعەلەوی

١٨. Plot summaryپوختـــە و وەســـفێکی کورتی چیرۆک بێهیچ

مانایەکی قووڵ و وردەکاری بەرهەم /

19. Frantz Fanon (1925-1961)

20. Svart hud vita mask. Ö: Stefan Jordebrandt. Daidalos 1997

21. Jordens fördömda. Ö: Per-Olov Zennström. Stockholm: Rabén & Sjögren 1969.

22. Svart hud vita mask, 1997.

23. alienation

24. Jordens fördömda,١٩٦٩.

٢٥. خدایگان و بنده، گ.و.ف. با تفسیر الکساندر کوژو. مترجم حمید عنایت، چاپ سوم ١٣٥٨. چاپ شرکت سهامی انتشارات خوارزمی

٢٦. خدایگان و بنده، گ.و.ف. با تفســـیر الکســـاندر کوژو. چاپ سوم ١٣٥٨

٢٧. پێشـــینەی چەمکی دیالێکتیک دەگەڕێتەوە ســـەرەمی کەونارا و ئەم چەمکە لەلایەن هێراکلیتۆس، ســـوقرات، ئەفلاتوون و ئەرەســـتوو بەکار هاتووە و بەمانای گفتۆگۆ و «منا ظره» دێ و زیاتر وەک شـــێوە، میتـــۆد و ڕێگایەکە بۆ باس کردن و دیالۆگ و گەیشـــتن بە حەقیقەت و ناســـینی سروشـــت و دیاردەکان. ئەم چەمکە دواتر لە لایەن هێگێل و دواتر لەلایەن مارکس و ئێنگێلســـەوە (ماتریالیســـم + دیالێکتیک) پەرەی سەندووە.

28. Anna McClintock, Imperial Leather, Gender and Sexuality in Colonial Contest, 1995 Routledge. https://www.routledge.co m /Imperial-Leather-Race-Gen der-and-Sexuality-in-the-Colonial-Contest/Mcclintock/p/book/9780415908900?srsltid=AfmBOoqo Az-KGnKHmQb-g5g7o ZEe8JZgglW1v6xn a4ZeBK6jnLxkfleF1

29. Speaking face to face, The Visionary Philosopghy of Maria Lugones. Edit. Pedro J. DiPietro. 2019, University of New York. https://books.google.se/books?id=qrKZDwAAQBA J&printsec=frontcover&source=gbs_ge_summ ary_r&cad=0 - v=onepage&q&f=false

30. https://www.youtube.com / watch?v=WyMAMWCISR8

٣١. بۆ دڵنیابوون لەناوەرۆکی قسەکانی دەلال زەینەدین کە بە عەرەبی دەدوێ، لینکی قســـەکانم بۆ دۆستێک لە ناو وڵات نارد. لێرەدا سپاسی ئەو ئازیزە دەکەم.

٣٢. فەیلەســـووف، یاســـاناس و چالاکی مافەکانی شارۆمەندی و ژنانی ئەفرۆئەمێریکەن ئـــەم چەمکەی داهێنـــاوە Kimberlé Williams Crenshaw

٣٣. برکی ڕزگاری، ٢٠٢٣. ل. ٦٦

٣٤. الرافضە، تاقمێکی شێعەمەزهەبن ڕێگە بە خۆیان دەدەن جنێو بە هاوالانی پێغەمبەر بدەن. ل. ١٨

35. Interdisciplinary

36. Intersection

٣٧. بە بۆچوونی هێگێل کاری کۆیلە بۆ سەروەر لە پرۆسەیەکدا ئاگایی بۆ کۆیلە بەرهەم دێنێ